هەرکەسێک فەرموودەیەک لە منەوە بگێڕێتەوە وپێی وا بێت کە ئەم فەرموودەیە درۆیە (هەڵبەستراوە)؛ ئەوا خۆی یەکێکە لە دوو درۆزنەکە

لە سەمورەی کوڕی جوندوب وموغیرەی کوڕی شوعبەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک فەرموودەیەک لە منەوە بگێڕێتەوە وپێی وا بێت کە ئەم فەرموودەیە درۆیە (هەڵبەستراوە)؛ ئەوا خۆی یەکێکە لە دوو درۆزنەکە».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه مسلم في مقدمته]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت ئەو کەسەی فەرموودەیەك لە ئەوەوە دەگێڕێتەوە لەکاتێکدا دەزانێت یان گومانی وایە یان زۆرینەی گومانی وایە کە ئەم گێڕانەوەیە درۆیە بەناوی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- ؛ ئەوا ئەم کەسە بەشداری ئەو کەسەیە کە ئەم درۆیەی لەسەرەتاوە هەڵبەستووە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6982